# گرفتەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت
# لەلای خوێندکارانی دوا قۆناغی زانکۆی کۆیە

م. جوان بهاء الدین علی
م.ی ئالان صلاح سعدی
زانکۆی کۆیە - فاکەڵتی پەروەردە – بەشی باخچەی ساوایان

**پوختەی توێژینەوە :**
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە ئاشــــکراکردنی بوونی یان نەبوونی گرفتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە لای خوێندکارانی دواقۆناغی زانکۆی کۆیە بە گشتی، دواتر ریزبەندکرنی گرفتەکانی خوێندکارانی دواقۆناغی زانکۆی کۆیە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و دیاریکردنی ناوەندی ژمێرەیی(الوســگ المرجح)بۆ گرفتەکان، بۆ ئەو مەبەستەش پێوانەیەک ئامادەکرا بۆ ئاشکراکردنی گرفتەکان کە لە (٢٤) برگە پێکهـاتبوو و بەرامبەر هەر برگەیەک (٣) هەڵبژاردن دانران کە بریتی بوون لە (زۆر وایە, تا رادەیەک وایە , وانیە) , دوای دەستنیشانکردنی راســـتگۆیی ڕواڵەت و جێگیری ناوەرۆکی پێوانەکە توێژەران هەســـتان بە هەڵبژاردنی دوا قۆناغی ســــەرجەم فەکەڵتیەکانی (دەوامی بەیانیان)ی زانکۆی کۆیە, دواتر بە شـێوەیەکی هەڕەمەکی لە هەر بەشـێک چەند خوێندکارێک بە ســـامپڵ وەرگیرا کە کۆی گشـــتی ســـامپڵ (١٦٤) خوێندکار بوون کە (٨٠) خوێندکـاریـان لە ڕەگەزی (نێر) و (٨٤) یش لە ڕەگەزی (مێ) بوون. دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان و شـــیکردنەوەی ئەنجامەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی پرۆگرامی هەگبەی ئـامـاری بۆ زانســـتە کۆمەلایەتییەکـان (SPSS) لە ئەنجامەکاندا دەرکەوت کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە لایەن خوێندکارانەوە بە شـێوەیەکی گشـتی بووەتە هۆی گرفت, و لەســەر ئاسـتی بڕگەکانیش لە کۆی ٢٤ بڕگە تەنها یەک بڕگەی پێوانەکە نەبوەتە گرفت ، لە کۆتـایشـــدا و لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان توێژەر چەند راسپاردە و پێشنیارێکی پێشکەش کرد.

## بەشی یەکەم
## ناساندن بە توێژینەوەکە
### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

سەردەمی ئێستا بە سەردەمی گەشەسەندنی بواری تەکنەلۆژی هەژماردەکرێت، کە گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا هێنا لە بوارەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری جیهاندا، داهێنراوەکانیش کە دەرئەنجامی ئەو گەشەسەندنانەیە بەجۆرێک رووله زیادبوونە کە زۆرینە دەتوانن کەم و زۆر بەکاریان بهێنن و دواجار لە ئەنجامی بەکارهێنانیشەوە کاربکاتە سەر تاکەکانی کۆمەڵگا و رەنگ بداتەوە لەسەر رەفتار و پەیوەندی نێوان تاکەکان و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان.

ئینتەرنێتیش وەک یەکێک لە داهێنراوە بەربڵاوەکانی نێو کۆمەڵگا کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە بەکارهێنانیدا دەتوانین سود لەو تایبەتمەندیانە بکەین , هەروەها لە دەرئەنجامی بەکارهێنانیشیدا گۆڕانکاری لە لای بەکارهێنەر دروست دەکات و چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دێنێت کە دەکرێت ئەرێنی بێت یان نەرێنی بێت.

گرفتی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە (ئایاداهینراویکی وەک ئینتەرنێت بوەتە گرفت بۆ خویندکاران و ئایە ئەو گرفتانە چین کە خوێندکاران رووبەروویان دەبێتەوە لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی ئینتەرنێت ؟) و نەبوونی توێژینەوەیەکی زانستی (بەپێی زانیاری توێژەران) ئەو خاڵەیە کە توێژەران وەک کیشەیەک لێیەوە بڕیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەیاندا بە تایبەت کە توێژی خوێندکارانی زانکۆ بە توێژێکی گرنگ دادەنرێن و کە بەکارهێنەرێکی چالاک و بەردەوامی ئینتەرنێتن.

### دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە:

بە پێی روپێویکردنی ساڵانەی Global Internet Report لە مانگی ئایاری ٢٠١٥ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە ریگەی مۆبایلەوە گەیشتە ٣ بلیۆن بەکارهێنەر (www.internetsociety.org), گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا

خۆی دەبینێتەوە کە باس لە ئینتەرنێت دەکات کە ئەو ژمارە بەرچاوەی بەکارهێنەری لە جیهاندا هەیە, هەروەها باســـیش لەو گرفتانە دەکات کە لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە دروســـت دەبێت وەک دیاردەیەکی هەنووکەیی رۆژ , هەروەهـــا توێژینەوە لە بواری ئینتەرنێت دەکــات کە داهێنراوێکی بەربلاو و بەردەســـتی ئەم ســـــاتەوەختەیە کە بوەتەهۆی دەرکەوتنی چەنـدین دیاردەی کۆمەلایەتی, یەکێکی تر لە گرنگیەکـانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە توێژینەوە دەکات لەســـەر گرفتەکانی خوێندکارانی دواقۆناغی زانکۆ کە لە ئەنجامی بەکارهینانی ئینتەرنیتەوە دوچاریان هاتوە کە گرفتیکی هەنووکەیی و رۆژانەی ئیســـتای زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگان , گرنگیەکی تریش ئەوەیە کە دەکرێت سود لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرین بۆ رینماییکردنی خوێندکاران و هۆشیارکردنەوەیان لەمەترسەکانی ئەو گرفتانە.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خالانە خۆی دەبینێتەوە:-

١.ئایا خوێندکارانی دوا قۆناغ گرفتیان هەیە لە بەکارهینانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی گشتی ؟

٢.ریزبەنـدکرنی گرفتەکـانی خوێنـدکـارانی دواقۆنـاغی زانکۆی کۆیە و و دیاریکردنی ناوەندی ژمێرەیی(الوسگ المرجح) بۆ گرفتەکان.

**چوارەم : سنوری توێژینەوەکە:**

ســنوری توێژینەوەکە بریتیە لە ســەرجەم خوێندکارانی دوا قۆناغی زانکۆی کۆیە (دەوامی بەیانیان) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦).

**پێنجەم: پێناسەی زاراوەکان:**

**١.گرفت :**

•پێناســەی (ابراهیم ، ١٩٨١) :" هەموو ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە کە دەبنە رِێگر لە بەردەم گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو وا پێویست دەکات توانا جەستەیی و ئەقڵی زیاتر ئەنجام بدرێت" (ابراهیم ، ١٩٨٠: ٢٠).

### ٢. ئینتەرنیت:

•پێناسـەی (عمر, ٢٠٠٣) بۆ ئینتەرنیت: برییتیە لە تۆرێکی جیهانی, کە هەزاران تۆڕ و ملیۆنەها کۆمپیوتەر لەخۆدەگرێت و بە دونیادا بڵاوبووەتەوە, و ئەو تۆڕانە کۆمەڵێک پرۆتۆکۆڵی ناردن(Top/ip) بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا.

•پێناسـەی رێکاری بۆ گرفتەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت : بریتییە لە تێکرای ئەو نمرانەی کە ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەیە بەدەستی دەهێنن دوای وەڵامدانەوەیان لەسەر بڕگەکانی ئەو پێوانەیەی کە لەم توێژینەوەدا بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەکردنی گرفتەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت.

## بەشی دووەم

### تەوەری یەکەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

### یەکەم: کورتەیەک سەبارەت بە گەشەسەندنی ئینتەرنێت

ئینتەرنێت بریتیە لە تۆڕێکی گەیاندنی نێودەوڵەتی, کە چەندین تۆڕی کۆمپیوتەر لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە پێکەوە بەستراون و زۆرینەی پسپۆڕان بە دایکی تۆڕەکان ناوزەندی دەکەن و تۆڕیش وەک زاراوە گوزارشتە لە کۆمەڵێک کەرەستە و بابەتی پڕ زانیاری و پێکەوە گرێدراون و هەڵگری بێ ئەژماری پەڕە و سایتی جیاوازە و لە رێگەی Hyperlink ەوە بەیەکەوە پەیوەست بوون بە جۆرێک کە زۆربەئاسانی زۆرترین زانیاری بەدەست بهێنرێت لە کاتێکی کەمدا, سەرەتای داهێنانی ئینتەرنێت دەگەرێتەوە بۆ پرۆژەیەکی تۆرئاسا بە ناوی ARPANETبووە لە لایەن ئاژانسی پرۆژەکانی لێکۆڵینەوە پێشکەوتوەکانەوە کە لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ستانفۆردەوە ئەنجامدراوە و لەلایەن وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا وە پشتیوانی چاودێری کراوە(Slater, 2002:p23).

یەکەم دوو کۆمپیوتەری پێکەوە بەستراو IMP لە تشرینی دووەمی ١٩٦٩ ئەنجامدرا یەکەم کۆمپیوتەر لە لوسئەنجلۆس و دووەم کۆمپیوتەر لە پەیمانگای ستانفۆرد بوو لە شاری مینلوبار لە ویلایەتی کالیفۆرنیا , لە

كـانونی یەكەمی ١٩٦٩ تۆڕی ARPANETبە شـــێوەیەكی فەرمی دامەزرا دوای پێكەوە بەســـتنەوەی ٤ كۆمیوتەر لە چوار شـــاری جیاواز, و هەر لە سـەرەتاوە لە بواری سـەربازی و هەواڵگری بەكاردەهێنرا دواتر گەشـەسـەندنی تەكنەلۆژی بوەهۆی ئەوەی كە لە سـاڵەكانی هەشـتاكان لە بواری زانسـتی و ئـاســـتی زانكۆیی بەكـاربهێنرێـت لە ئەوروپـا, تـا ئەو كـاتەی كە توێژەری بەنـاوبـانـگ لە مەڵبەنـدی توێژینەوەی ئەورووپی Tim-Berners-Lee هـاتە مەیدان پرۆگرامی WWW-Word Wide Webتۆڕی جاڵجاڵۆكەی جیهانی داهێنا كە زۆرترین بەكارهێنەری لە خۆی كۆكردەوە(Gromov, 2012:p15).

**دووەم:خزمەتگوزاریەكانی ئینتەرنێت:**

ئینتەرنێـت وەك تەكنەلۆژیـایەكی بەربڵاو و بـاو لە ئێســـتـادا ژمـارەیەكی بێشـوماری بەكارهێنەری هەیە , لە ئێسـتادا پلەی یەكەم بەدەسـت دەهێنێت بە بەراورد بە ئامرازەكانی دیكەی پەیوەندیكردن, بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەی كە هەیەتی وەك ئاســانی لە بەكارهێنان و ســەرنجراكێشــی و هەمەچەشــنی لە نـاوەڕۆك...هتـد, هەر لە ڕێگە ئینتەرنێتەوە چەنـدین خزمەتگوزاری بەدەســـت دەهێنین و كارئاسانیمان بۆدەكات, لەو خزمەتگوزاریانەش:

١.بەدەســت هێنانی زانیاری هەمەچەشــن لە بوارە جیا جیاكان بە نوســین و دەنگ و نمای جوڵاو.

٢.بەســتنی پەیوەندی لە دوورترین شــوێنی دونیاوە لەگەڵ تاك و گرووپ بە E-mailیان دەنگ یان بە دەنگ و ڕەنگ بە ڕاستەوخۆیی یان ناراستەوخۆ.

٣.بازرگانیكردن و ڕیكلامكردن.

٤.كاتبەسەربردن و دوركەوتنەوە لە جەنجاڵی.

٥.فێربون و فێركردن و بواری زانســتی و توێژینەوە (Badiye, 2013:p6 & (Shelke

**سێیەم: گرفتەكانی دەرئەنجامی بەكارهینانی ئینتەرنیت:**

دەكرێ بڵێین (تەكنۆلۆژیا بە شــێوەیەكی گشــتی خاوەن دوو جەمســەر و پەیامی سـەرەكین لە كۆمەڵگادا ,جەمسـەرێكیان پۆزەتیڤە بریتییە لەو سـوود و كـاریگەری و دەرئەنجامە باشـــانەی كە لەم ئامرازانە دەكەوێتەوە لەســـەر

هەموو بوارەکانی ژیان, بەلام جەمســــەری دووەم ئاماژەیە بۆ ئەو زەرەر و زیان و دەرئەنجامە نێگێتیڤانەی کە لە ئەنجامی بەکارهێنانیان دەکەوێتەوە بۆتە مایەی ســـەرهەڵدانی کێشـــەو دیاردە گەلێکی نێگەتیڤ لە ناو کۆمەڵگا ,ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی و زانیاریش بەدەرنییە لەم هاوکێشـــەیە چونکە ســـودو زیانەکانی بۆتە راســـتیەکی هەســـت پێکراوو, بە تایبەتی ئەو گرفتە کۆمەلایەتیانەی کە لە ئەنجامی خراپ بە کارهێنانی ئەم ئامرازانەوە دەکەوێتەوە).

## أ-سودەکانی ئینتەرنێت:

١-بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ناوەندەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاســـتی خوێندن و فێربوون لە کۆمەڵگادا:

ئینتەرنێت ئامرازێکی ســـەرکەوتووە بۆ رەخســـاندنی ژینگەیەکی فێرکردن و خوێندنی دەوڵەمەند کە بتوانن کاربکەن لە پرۆژە هاوکاریەکان لە نێوان قوتابخانە جیاوازەکان ,خوێندکار دەتوانێ زانینەکەی گەشـەی پێبدات بە بابەتە گرنگەکان لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە شـــارەزایان بەمەش بەر پرســـیاریەتی گەران بەدوای زانیاریەکان دەکەوێتە ئەســـتۆی خوێندکار ئەمەش دەبێتە هۆی گەشـــەکردنی شـــارەزایی بیرکردنەوە لەلای ,هەروەها ئینتەرنێت شـــارەزایی نووســـین و شـــارەزایی زمانی ئینگلیزی گەشـــەپێدەدات ,چونکە ئینتەرنێت تێکســـتی نووســـراو بە زمانی ئینگلیزی بە قوتابیان و مامۆســـتایان دەبەخشێ.(الدجانی, ٢٠٠٦, سەرچاوی ئەلیکترونی)

٢- بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کاروباری بازرگانی:

کاری بازرگانی لە کرین و فرۆشـتن بۆ دەزگا و تاکەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێت فروان بووە وەکو ئێستا ئەوەی روودەدات لە ولاتە پیشەسازیەکان هەروەها پەرەوبوون و ســـەرکەوتنی کرین و فرۆشـــتن لە ڕێگەی ئینتەرنێت دەگەرێتەوە بۆ پێشـــکەوتنی توانای بەکارهێنانی بانکە نوێیەکان لە ڕێگەی ناردنی دراو لە ڕێگەی پلیتی بانکی لە حیســـابی بەژداربوو هەروەها دەتوانرێت کەل و پەل و پـێـداویســــتـی تـاک بـخـرێـتە روو لە پـرۆســـەکـانـی کـریـن و فرۆشتن(الدنانی,٢٠٠٣:ص١٢٥)

٣-بەخشینی زانیاریە جۆراوجۆرەکان و دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەی زانستی و پێشخستنی ئاستی زانستی :

هەروەها ئینتەرنێت ئامرازێکی زیندووە لە بلاوکردنەوەی زانست و پاڵپشتیکردنی توێژینەوەی زانستی لە ناو کۆمەڵگەی توێژینەوە زانستیە جیهانیەکان,هەروەها توانای ئینتەرنێت لە پێشخستنی توێژینەوەی زانستی و فراوانکردنی خوێندن زۆرە بۆ ئەوەی توێژەرانی ئەکادیمی و زانکۆیی و حکومیەکان ببن بە هاوبەشی سەرەکی بۆ پێشخستنی نەوەی داهاتوو هەروەکو زانایان و ئەندازیاران و پزیشکان و خوێندکاران و ئەوانەی ئینتەرنێت بەکار دەهێنن یارمەتی یەکتر دەدەن لەگەل هاورێیانیان لە هەموو شوێنەکانی جیهان بۆ بلاوکردنەوەی زانیاری و داتاکان و ئەنجامدانی توێژینەوەی سەرەکی.(د.نجمالدین علی مردان, ٢٠٠٧ سەرچاوی ئەلیکترونی)

٤-دروستکردنی پەیوەندی کۆمەلایەتی لە نێوان بەکارهێنەراندا:

ئامرازەکانی راگەیاندن رۆلێکی گەروە دەگێرن لە پرۆسەی پەیوەندی کۆمەلایەتی و زیادکردنی پەیوەندی و تێکەڵ بوون لە نێوان جەماوەر لە لایەنی عەقلیەوە ئەم رۆڵ دوو لایەنی سەرەکی هەیە,لایەنی یەکەم بریتییە لە بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەلایەتی لە نێوان تاکەکان ,بەلام لایەنی دووەم بریتییە لە فراوانکردنی بازنەی زانیاری مرۆ ڤ لە ئەنجامی پێشکەشکردنی زۆرێک لە کەسایەتییەکان ,هەروەها لە رێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانین کەسانی نوێ بناسین لە رێگەی لیستی پۆستەکان یان گروپەکانی هەواڵ یان گفتوگۆکردن لە هەمان کاتدا ئینتەرنێت پێگەیەکی گرنگی هەیە بۆ کارلێکردن لەگەل کەسانی تر(عبدالمجید,٢٠٠٦:ص٣٢)

٥

-بواری تەندروستی :

لە بواری تەندروستیش ئینتەرنێت رۆلێکی ئەرێنی هەیە چونکە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە دکتۆرەکان دەتوانن پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن لە هەموو ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا دەتوانن گفتوگو و تاوتوێی دواترین پێشکەوتن و گرفتەکان بکەن لە بواری تەندروستیەوە لەگەل خستنەرووی هەندێ حالەت

بۆ ســـوود وەرگرتن لە بیرورای دکتۆرەکانی تر ,هەروەها دەتوانن کۆنگرە و کۆنفراس ببستن بۆ گفتوگۆکردنی کۆمەڵێک پرسی تەندروستی هەریەکە لە ولاتی خۆی لە ریگەی ئینتەرنێتەوە ,هەروەها بەژداریکردن لە ئەنجامدانی پرۆسەی نەشتەرگەری لە شوێنی خۆیان لە ریگەی ئینترنێتەوە.(فراس جاسم جرجیس, ٢٠٠٦, سەرچاوی ئەلیکترونی)

**ب- زیانەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت:**

١- ئەنجامدانی تاوان لە ریگەی ئینتەرنێتەوە:

ئەو تاوانانەی کە لە ریگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێن چەند جۆرێکن و کاریان لەسەر دەکرێت لە ناو کۆمەڵگا وەکو:

(تاوانی سێکسی , تاوانی لە ناوبردنی زانیاری و ساختەکردنی داتاکان, تاوانەکانی پارەو پوڵ, تاوانی خۆکردن بە کەسێکی تر, تاوانی ناو زراندن و سووککردنی ناوبانگ.(الجنبیهی ,٢٠٠٦,ص١٣)

٢- زیان و کاریگەریە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت:

- زیانە دەروونیەکان و تەندروستیەکان:

لەڕووی تەندروستیشەوە، تەکنۆلۆژیای ئینتەرنێت زیانی خۆی هەیە لەسەر تاک ،کەسانی ئاڵوودەبوو لەسەر ئینتەرنێت،بریتین لە گەورەترین توێژی بەکار هێنەری ئینتەرنێت کە دوو چاری نەخۆشیە دەروونی و هەل چوونیەکان دەبن و پالیان پیوەدەنێ بۆ وازهێنان لە ژیانی کۆمەلایەتی تێکەڵ بوون بە جیهانێکی تر،دەکرێ بە جێ هێشتن و ڕاکردن بێت لە ڕوو بەڕووبوونەوەکانی خێزانی و گرفتە کۆمەلایەتیەکان ،بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دانیشتن بۆ ماوەیەکی درێژلە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەر دەبێتە هۆی تووش بوون بە ئازار و نەخۆشی ئەندامی ،بە تایبەتی دانیشتنێکی نا درووست و نەشیاو لە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەر تووشبونە بە ئازاری جوومگەکان و لاوازبوونی چاو،هەروەها بەپێی تێپەربوونی کات دەبێتە هۆی نەخۆشی دەوالی پێیەکان و ئازار ئەندامی زاوزێی نێر.(د.سرور عبدالرزاق العزاوی،٢٠٠٥، سەرچاوی ئەلیکترونی)

- زیانی ئینتەرنێت لەسەر پەیوەندیە کۆمەلایەتییەکان و خێزان.

بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی چڕ,دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکانی تاک, بە تایبەتی لەگەل خیزان و هاوسێکانی هەروەها زیاترکردنی کاتی بەکارهێنان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئەوا لەسەر لایەنی پەیوەندیە سەرەتاییەکانە.زانا (جوهان ارنولد)باوەری وایە ئەو کاتەی کە بەکارهێنەری بەسەری دەبات لەسەر ئینتەرنێت لەسەر حیسابی ئەو کاتەیەیە کە بۆ خێزان یان منداڵەکان یان کاری کۆمەڵایەتی تەرخانکراوە'یاخود خەریک بوون بە یاریەکان دەبێتە هۆی بە پەراوێزبوون لە چالاکیەکان.

ئینتەرنێت کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر ئەندامانی خێزان بە تایبەتی لەسەر گەنجان چونکە بە ریژەیەکی زۆر لەلایەن گەنجان بەکاردەهێندرێت و کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەریان ,وەکو سەیرکردنی ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت لەلایەن گەنجانەوە کە پرۆگرامەکانی توندوتیژی پیشان دەدەن و هانیان دەدات بۆ رەفتاری توندوتیژی لەلای لاوان(اصبع , ٢٠٠٥,ص٣٦٢)

## تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژینەوەی یەکەم/ توێژینەوەی (محمد سعيد عبدالمجيد،٢٠٠٦،ص٤٥)

| ناوی توێژەر | ناوی توێژینەوە | جێگای توێژینەوە | سامپڵی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە | گرینگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| محمد سعيد عبدالمجيد | الاثار الاجتماعيه للانترنت على الشباب – دراسه ميدانيه في المجتمع المصري) | قاهره | سامپڵەکەی بریتی بووە لە گەنجان | ١/ شێوازی تێبینی ٢/ شێوازی بەراوردکردن ٣/ شێوازی ئاماری فۆرمی راپرسی | ١/ لە (٥٧%)ی تاکەکانی نمونەکە باوەڕیان وایە خراپیەکانی جیهانگیری زیاترە لە سوودەکانی بەڵام لە (٤٢%)ی تاکەکانی نموونەکە باوەریان وایە سوودەکانی جیهانگیری زیاترە لە خراپیەکانی.<br>٢/رێژەی لە (٥٢%)ی نموونەکە باوەریان وایە تۆری ئینتەرنێت کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەر پەیوەندی خێزانی. |

توێژینەوەی دووەم/توێژینەوەی (جمال محمد ابوشيب،٢٠٠٦،ص٢٧٧)

| ناوی توێژەر | ناوی توێژینەوە | جێگای توێژینەوە | سامپڵی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە | گرینگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| د.جمال محمد ابوشنب | اثر استخدام تكنولوجيا المعلومات والاتصالات على الامن القومي للمجتمع | قاهرە | تێبینی ژمارەی سامپڵەکەی نەنوسیوە. لاوان تەمەن(١٨-١٩) | توێژینەوەکی شیکارییە | . ١/دەرکەوتووە بەکارهێنانی تەکنولۆژیای زانیاری بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر و پۆستی ئەلکترۆنی لە بواری بازرگانی و کارکردندا ,دەتواندرێ رەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤی هەبێت لەسەر ئاساشی نەتەوەیی لە حالەتی دامەزراندن و بەکارهێنانێکی پۆزەتیڤ. ٢/بەکارهێنانی خراپی تەکنولۆژیای زانیاری و پەیوەندی ,رەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی هەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەی کۆمەڵگا,بە تایبەتی لە رەهەندە کۆمەلایەتیەکەیەوە. |

توێژینەوەی سـێیەم/ توێژینەوەی (نجم الدين علی مردان،٢٠٠٧، سـەرچاوەی ئەلیکتۆرنی)

| ناوی توێژەر | ناوی توێژینەوە | جێگای توێژینەوە | سامپڵی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە | گرینگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| د.نجم الدين علي مردان | الانترنيت والاتجاهات السلوكيه للفتاه | ولاتی ئیماراتی عەرەبی یەكگرتوو | سامپڵەكەی بریتی بووه له كچان | شێوازی ئاماری فۆرمی راپرسی | ١-لایەنە پۆزەتیڤەكانیی ئینتەرنت ,گەشەپێدانی هۆشیاری و ئامادەكردنێكی زوو له لای كچان بۆ باش بەكارهێنانی كۆمپوتەر و ئینتەرنت هەروەها بەكارهێنان و پالپشتیكردنی رۆله گرنگەكەی له كۆمەلگەی ئیماراتی ,وهەوەها كاریگەری پۆزێتیڤی هەیە له زۆربەی بوارەكانی ژیان و له زۆربەی پرۆسەكانی پەروەردەیی و زانستی و رۆشنبیری و راگەیاندن له بوارەكانی فیركردن و بوارەكان جێ بەجێكردن له دام و دەزگا زانستیەكان و خوێندنی دوور مەودا.<br>٢-لایەنی نێگەتیڤەكانی ئینترنێت,زۆر بەكار هێنانی و خنكان له ناو ئینترنێت دەبێتە هۆی بە تایبەتی لەلای كچان دەبێتە هۆی دروستكردنی ئاراستەی رەفتاری نەخوازراو,ئەمەش زەرەر و زیانی رەفتاری كۆمەلایەتی و لادانی سێكەسی و ماندووبوونی جەستەیی و كەنەفتبوونی دەروونی دروست دەكات,ئەمەش كاریگەری گەوری هەیە لەسەر دەستكەوتەكانی خوێندن و ئەنجامدانی ئەركەكانی |

**بەشی سێیەم**

**رێكارییەكانی توێژینەوەكە**

لەم بەشـــەدا توێژەر ئەو هەنگاوە رێكاریانە دەخاتە ڕوو كە لەم توێژینەوەدا ئەنجامدراوە، ئەوەی شایەنی باسە میتۆدی توێژینەوەكە میتۆدی (وەسفیە) و سـەبارەت بە كۆمەڵگا و سـامپڵ و ئامرازی پێوانەكردن و ئامرازە ئامارییەكان بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم : کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتیە لە سەرجەم خوێندکارانی دوا قۆناغی زانکۆی کۆیە(دەوامی بەیانیان)، چونکە توێژەران پێیان وایە کە خوێندکارانی دوا قۆناغ، لە ئاستێکی ئەکادیمی باشدان تا گوزارشت لە ڕاو بۆچونی خۆیان بکەن کە کۆی گشتییان بریتی بوو لە (١٠٤٩ ) خوێندکار ,کە (٥١٨) نێر بوون و (٥٣١) یان مێ بوون هەر وەک لە خشتەی ژمارە (١) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (١)
کۆمەڵگای توێژینەوە

| ز | فاکەلتی | بەش | ژمارەی خوێندکارانی دواقۆناغی خوێندن | |
|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ |
| | ئەندازیاری | تەلارسازی | ٧ | ١١ |
| ٢ | | شارستانی | ٢١ | ٧ |
| ٣ | | جیۆتەکنیک | ٢١ | ١٧ |
| ٤ | | پرۆگرامسازی | ١٣ | ١٥ |
| ٥ | | نەوت | ٣٢ | ١٠ |
| ٦ | | کیمیاوی | ٢٢ | ١٢ |
| ٧ | زانست و تەندروستی | بایۆلۆجی | ١٩ | ٢٠ |
| ٨ | | ماتماتیک | ٢٣ | ٢٦ |
| ٩ | | فیزیا | ٢١ | ٣٠ |
| ١٠ | | کیمیا | ٢٣ | ٢٢ |
| ١١ | | مایکرۆبایلۆجی | ٢٦ | ٢٣ |
| ١٢ | | کلینیکەل سایکۆلۆجی | ٢٢ | ١٩ |
| ١٣ | پەروەردە | وەرزش | ٢٥ | ٤ |
| ١٤ | | عەرەبی | ٢٢ | ٤٣ |
| ١٥ | | کوردی | ٥٣ | ٤١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٦ | | مێژوو | ٣٧ | ٣٩ |
| ١٧ | | جوگرافیا | ٤٨ | ١٧ |
| ١٨ | | پەروەردەی ئایینی | ٢٣ | ٣١ |
| ١٩ | | باخچەی ساوایان | ٠ | ٧٢ |
| ٢٠ | ز.مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان | یاسا | ٤٠ | ٣٩ |
| ٢١ | | ئینگلیزی | ٢٠ | ٣٣ |
| کۆی گشتی | | | ٥١٨ | ٥٣١ |

## دووەم : سامپڵی توێژینەوەکە

سامپڵی توێژینەوەکە بەشـێوەی کۆتایی بریتی بوون لە (١٦٤) خوێندکار , و بەشـــێوەی هەرەمەکی هەڵبژێردران لە نێو خوێندکارانی دواقۆناغی زانکۆی کۆیە وەک لە خشتەی ژمارە (٢) روونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٢)

سامپڵی توێژینەوەکە

| ز | فاکەلتی | بەش | ژمارەی خوێندکارانی دواقۆناغی خوێندن | |
|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ |
| ١ | ئەندازیاری | تەلارسازی | ٤ | ٤ |
| ٢ | | شارستانی | ٤ | ٤ |
| ٣ | | جیۆتەکنیک | ٤ | ٤ |
| ٤ | | پرۆگرامسازی | ٤ | ٤ |
| ٥ | | نەوت | ٤ | ٤ |
| ٦ | | کیمیاوی | ٤ | ٤ |
| ٧ | زانست و تەندروستی | بایۆلۆجی | ٤ | ٤ |
| ٨ | | ماتماتیک | ٤ | ٤ |
| ٩ | | فیزیا | ٤ | ٤ |
| ١٠ | | کیمیا | ٤ | ٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١١ | | مایکرۆبایلۆجی | ٤ | ٤ |
| ١٢ | | کلینیکه‌ل سایکۆلۆجی | ٤ | ٤ |
| ١٣ | | وه‌رزش | ٤ | ٤ |
| ١٤ | | عه‌ره‌بی | ٤ | ٤ |
| ١٥ | | کوردی | ٤ | ٤ |
| ١٦ | په‌روه‌رده | مێژوو | ٤ | ٤ |
| ١٧ | | جوگرافیا | ٤ | ٤ |
| ١٨ | | په‌روه‌رده‌ی ئایینی | ٤ | ٤ |
| ١٩ | | باخچه‌ی ساوایان | / | ٤ |
| ٢٠ | ز.مرۆڤایه‌تی و | یاسا | ٤ | ٤ |
| ٢١ | کۆمه‌لایه‌تیه‌کان | ئینگلیزی | ٤ | ٤ |
| کۆی گشتی | | | ٨٠ | ٨٤ |

**سێیه‌م : ئامرازی توێژینه‌وه‌که:**

له‌به‌ر نه‌بوونی ئامرازێکی پێوانه‌کردنی ئاماده‌و گونجاو تایبه‌ت به (گرفته‌کانی به‌کارهێنانی ئینته‌رنیت له‌لای خوێندکاران) به زمانی کوردی و هه‌روه‌ها گونجاوبێت له‌گه‌ڵ تایبه‌تمه‌ندی کۆمه‌ڵگای توێژینه‌وه و ئامانجی توێژینه‌وه ,بۆیه توێژه‌ران هه‌ستان به ئاماده‌کردنی پێوانه‌یه‌ک بۆ پێوانه‌کردنی گرفته‌کانی به‌کارهینانی ئینته‌رنیت له‌لای خوێندکارانی دوا قۆناغی زانکۆی کۆیه , پرۆسه‌ی ئاماده کردنی ئامرازه‌که به پێی ئه‌م هه‌نگاوانه‌ی خواره‌وه بوو :

ئاماده‌کردنی بڕگه‌کان :

١. ئه‌نجامدانی راپرسی کراوه له‌سه‌ر سامپڵێکی هه‌ره‌مه‌کی له خوێندکاران له‌سه‌ر ئه‌و گرفتانه‌ی که رووبه‌روویان بوه‌ته‌وه له به‌کارهێناتی ئینته‌رنێت.

• گەرانەوە بۆ تویژینەوەكانی پیشوو وەك تویژینەوەی (رۆلی ئامرازەكانی تەكنۆلۆژیای پەیوەندی لە دروستكردنی گرفتە كۆمەلایەتییەكان , كارزان حسن عبدالرحمن,نامەی ماستەر , زانكۆی سەلاحەددین, ٢٠٠٨).

٢. هەروەها گەرانەوە بۆ چوارچیوەی تیۆری سەبارەت بەو گرفتانەی كە دوچاری بەكارهینەرانی ئینتەرنیت دەبنەوە بەمەبەستی دارشتنی برگەی گونجاو لەگەل ئامانج و كۆمەلگای تویژینەوەكە.

٣. دواتر تویژەران توانیان (٢٦) برگە دابریژیت كە پەیوەندی بە گرفتەكانی بەكارهینەرانی ئینتەرنیتەوەبیت, و بەرامبەر هەر برگەیەك (٣) هەلبژاردنیان دانا كە بریتی بوون لە (زۆر وایە , تا رادەیەك وایە , وانیە).

**دەستنیشانكردنی راستگۆیی پیوانە :**

تویژەران هەستان بە دەستنیشانكردنی راستگۆیی روالەت ( Face validity)بۆ پیوانەكە(بروانەپاشكۆی ژمارە (١)) لە ریگای وەرگرتنی را و بۆچونی شارەزایانی بوارەكانی پەروەردە وكۆمەلناسی و راگەیاندن كە (چوار) شارەزابوون (بروانە پاشكۆی ژمارە (٢)) ، تویژەر پیوانەكەی خستە بەردەستیان و داوای لییان كرد كە ئاستی گونجاوی و نەگونجاوی برگەكان و هەلبژاردنەكان و هەروەها ئەنجامدانی هەر گۆرانكارییەك كە پییان باشە بخەنە روو, دوای كۆكردنەوەی فۆرمەكان بە پشت بەستن بە بیروراي شارەزایان ئەم گۆرانكاریانە ئەنجامدرا:-

١. سەبارەت بە هیشتنەوە یان لابردنی برگەكان , تویژەران پشتیان بە ریژەی ریكەوتنی (٧٥%) بەست بۆ هیشتنەوەی برگەكان (بروانە پاشكۆی ژمارە (٣)) واتا تەنها ئەو برگەیەی كە سی لەسەر چواری شارەزایان یان سەرجەمیان پەسەندیان كردبی دەمینەتەوە بەم شیوەش دوو برگە لابران كە بریتی بوون لە برگەكانی (١٣ و ١٧) و گۆرانكاری لە هەلبژاردنەكاندا ئەنجام نەدرا وەك خۆی مایەوە كە (زۆر وایە , تا رادەیەك وایە , وانیە) نمرەكانیش بریتین لە (٢, ١, ٠).

٢. هەروەها هەر لە ژێر رۆشـــنایی تێبینی شـــارەزایان گۆرانکاری لە چەند برِگەیەکی پێوانەکە ئەنجامدرا وەک لە خشـــتەی ژمارە (٣) خراوەتە روو

خشتەی ژمارە(٣)

خشتەی برِگەکان پێش وپاش گۆرِانکاری

| ژ | برِگەکان پیش گۆرانکاری | برِگەکان پاش گۆرِانکاری |
|---|---|---|
| ١ | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت بوەتە هـۆی دابـرِانـم لە کەســـانـی دەوروبەرم. | زۆر بەکـارهیـنـانی ئینتەرنـیـت بوەتە هۆی دابرِانم لە کەسانی دەورووبەرم. |
| ٢ | بە هـۆی زۆر بەکـارهـێـنـانـی ئینتەرنیتەوە کـارەکـانـم وەک پێویست ئەنجام نادەم. | بە هۆی زۆر بەکـارهێـنـانی ئینتەرنیتەوە ئەرک و کارەکانم وەک پێویســـت ئەنجام نادەم. |
| ٣ | کە خەتی ئینتەرنیت نەمینیت بیزار دەبم و هەست بە دلتەنگی دەکەم. | هینـدە خووم بە بەکـارهینـانی ئینتەرنیتەوە گرتووە کـاتیـک خەتی ئینتەرنیت نـامینیت بیزار دەبم. |
| ٤ | هێنـدە ئینتەرنیـت بەکـاردەهینم چاوەکانم تووشی گرفت بووە. | هێنـدە ئینتەرنیـت بەکـاردەهینم کـاری کردۆتە ســـەر تەندروســـتیم و چاوەکانم تووشی گرفت بوون. |
| ٥ | بەکارهێنانی ئینتەرنیت تا درەنگی شـــەو دوای خســـتووم لە وانەی بەیانیان. | بەکارهێنانی ئینتەرنیت تـا درەنگی شـــەو دوای خستووم لە وانەکانی بەیانیان. |
| ٦ | مانەوەم بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر هێلی ئینترنێت پشـتم ئازاری پەیدا کردووە. | بەهۆی مانەوەم بۆ ماوەیەکی زۆر لەسـەر هێلی ئینترنێت پشتم ئازاری پەیدا کردووە. |
| ٧ | بەکارهینانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانم وەک پێویســـت گرنگی بە وانەکانم بدەم. | بەکارهینانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانم وەک پێویست گرنگی بە وانەکانم بدەم. |
| ٨ | بەکارهینانی ئینتەرنیت قورســـایی خستۆتە سەر لایەنی ئابووریم. | زور بەکارهینانی ئەنتەرنیت گرفتی ئابوری بو دروستکردوم. |

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە خەڵکانیکم ناسی کە توشی گرفتیان کردووم. | لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە خەڵکانیکم ناسی کە توشی گرفتیان کردووم. |
| ١٠ | لە کاتی بۆنەی خۆشی وەک جەژن تەنها لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کەسانی دەوروبەرم بەسەر دەکەمەوە. | هەست دەکەم ئەنتەرنێت بوەتە گرفت لە بەردەم گەرم و گوڕی پەیوەند یە کۆمەلآیەتیەکانم ولە کاتی بۆنەی خۆشی و ناخۆشیدا بە ئاستەم کەسانی دەوروبەرم بەسەر دە کەمەوە. |
| ١١ | ژیان بە بێ بوونی ئینتەرنیت مانای نیە و بەبێ ئینتەرنیت ناتوانم بژیم. | ژیان بە بێ بوونی ئینتەرنیت مانای نیە و بەبێ ئینتەرنیت ناتوانم بژیم. |
| ١٢ | لە ئینتەرنیتەوە وینە و نما(لقگە)ی ناشرین دەبینم. | بینینی وێنە و نما(لقگە)ی ناشرین لە ئینتەرنیتەوە بوەتە گرفت و مەزاجم تێکدەدات. |
| ١٣ | لەکاتی پرسەدا تەنها لەڕێگەی ئینتەرنیتەوە سەرەخۆشی دەنێرم. | لابرا |
| ١٤ | لەڕێگەی ئینتەرنیتەوە کەسانێک بیزاریان کردووم. | لەڕێگەی ئینتەرنیتەوە کەسانێک بێزاریان کردووم. |
| ١٥ | هیندەی لەسەر ئینتەرنیتم هیندە گفتوگۆ ناکەم لەگەڵ کەسانی دەوروبەرم. | هیندەی لەسەر ئینتەرنێتم هێندە گفتوگۆ ناکەم لەگەڵ کەسانی دەوروبەرم. |
| ١٦ | زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی نمرەکانم لەوانەکاندا دابەزێنم. | بەکارهێنانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی ئەوەی کەنمرەکانم لەوانەکاندا دابەزێنم. |
| ١٧ | لەبەر بەکارهینانی ئینتەرنیت ئەرکە ئاینیەکانم ناتوانم بە باشی جێبەجێ بکەم. | لابرا |
| ١٨ | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت دووچاری سەرئێشەی کردووم. | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت دووچاری سەرئێشەی کردووم. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت شەڵەژانی لام دروستکردوە لە کاتی نوستن و خەونی ناخۆش دەبینم. | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت شەڵەژانی لام دروستکردوە لە کاتی نوستن و خەونی ناخۆش دەبینم. |
| ٢٠ | کەسانی دەوروبەر گلیەم لێدەکەن بەهۆی زۆر مانەوەم لەسەر ئەنتەرنێت. | بەهۆی زۆر مانەوەم لەسەر هێڵی ئەنتەرنێت دووچاری گرفت بووم لەکەڵ کەسانی دەوروبەر بەجۆرێک کە گلەیم لێدەکەن. |
| ٢١ | لەڕ ێگەی ئەنترنێتەوە قسەی نەخوازراوم تووش بووە. | لەڕ ێگەی ئەنترنێتەوە تووشی قسەی نەخوازراو بووم. |
| ٢٢ | کاتێکی زۆرم لە دەست چووە بەهۆی بەکارهێنانی ئینترنێتەوە. | کاتێکی زۆرم لە دەست چووە بەهۆی بەکارهێنانی ئینترنێتەوە. |
| ٢٣ | لە ریگای هاککردنی ئینترنێتەوە توشی گرفتیان کردم. | لە ریگای هاککردنی ئینترنێتەوە توشی گرفتیان کردم. |
| ٢٤ | بەهۆی بەکارهێنانی ئینترنێتەوە کاتی ژمە خواردنەکانم تێک چووە. | بەهۆی بەکارهێنانی ئینترنێتەوە کاتی ژمە خواردنەکانم تێک چووە. |
| ٢٥ | بە هۆی بە کارهینانی ئینترنیتەوە بۆتە هۆی پەیدا بوونی ئاژاوە لەگەڵ کەسانی دەورو بەرم. | بە هۆی بە کارهینانی ئینترنیتەوە بۆتە هۆی پەیدا بوونی ئاژاوە لەگەڵ کەسانی دەورو بەرم. |
| ٢٦ | لە کاتی وانەدا ئاگام لەوانەکانم نیە بەهۆی بیرم لای ئەنترنێتە. | لە کاتی وانەدا ئاگام لەوانەکانم نیە چونکە هەر بیرم لای ئەنتەرنێتە. |

**دەستنیشانکردنی جێگیری پێوانە :**

جێگیری پێوانە بە واتای ئەوە دێ تا چەند بڕگەکانی پێوانە بە شێوە یەکی ووردو ریک و رێکخراو و یەکسان پێوانەی دیاردەکە دەکەن (علام , ٢٠٠٠, ص١٣١)، و جێگیری پێوانەکە دەستنیشانکرا لە رێگای کەرتکردنی پیوانە Subdivided Test کەرتکردنی پێوانە یەکێکە لە رێگاکانی دەنستنیشانکردنی گونجاوی ناوەکی پێوانە کە تێدا بڕگەکان دابەش دەکرێن بۆ بڕگەی (تاکی) و

بڕگەی (جوتی) و دواتر لە ڕێگای بەکارهێنانی هاوکێشـــەی (پیرســـۆن) ەوە پەیوەندی نێوان بڕگە تاکییەکان و بڕگە جوتییەکان دەســـــتنیشـــان دەکرێت (پورندایک , ١٩٨٩, ص ٧٧)، ئەنجامەکە لە ڕێگای هاوکێشـــەی (ســـپیرمان) وە راســتدەکرێتەوە، بۆیە توێژەران هەســتان بە هەڵبژاردنی (٢٤) خوێندکار وەک (ســـامپڵی جێگیری) و پێوانەکەی لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/١٢/١٣) بەســـەریاندا دابەشـــکرد دواتر دوای وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان وەڵامەکانیان کەرتکرا بۆ دوو بەش کە برتیین لە بڕگەی تاکی و بڕگەی جوتی و بە بەکارهێنانی هاوکێشـــەی پێرســـۆن دەرکەوت کە بەهای پەیوەندییەکە (٠،٧١) و دواتر لە ڕێگای بەکارهێنانی هاوکێشـــەی (ســـپیرمان براون) نەوە بەهای پەیوەندییەکە راستکراوە و بریتی بوو لە (٠،٨٣) هەروەک لە خشتەی ژمارە (٤) هاتووە.

خشتەی (٤)

جێگیری پێوانە بە ڕێگای کەرتکردنی پێوانە

| ژمارەی برگەکان | ژمارەی سامپڵ | تێکرای سامپڵ | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی پێرسۆن | دوای راستکردنەوەی بە هاوکیشەی سبیرمان | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جوت (١٢) بڕگە | ٢٤ | ٤٤،٣٣ | ٥،١٥ | | ٠،٨٣ | ٠،٠٥ |
| جوت (١٢) بڕگە | ٢٤ | ٤٤،٣٣ | ٥،١٥ | | | |

**چوارەم : ئەنجامدانی توێژینەوەکە:**

دوای ئەوەی پێوانەی توێژینەوەکە راســـتگۆیی ڕواڵەتی بۆ ئەنجامدرا و هەروەها جێگیری بۆ دەســـتنیشـــانکرا , توێژەران هەســـتان بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە شـــێوەی کۆتـایی لە (٢٠١٦/١/١١) تـاوەکو (٢٠١٦/١/٢٨)

لەسەر خوێندکارانی سامپڵی توێژینەوەکە کە بریتی بوون لە (١٦٤) خوێندکار ، ئەوەی شایەنی باسە ئەنجامدانەکان لە هەموو بەشەکان بێ گیروگرفت و بە شێوەیەکی باش بە ڕێوەچوو.

**پێنجەم : ئامرازە ئامارییەکان:**

به مەبەستی شیکردنەوەی (داتاکان) توێژەر سوودی لە پرۆگرامی (هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان) ناسراو بە (SPSS) وەرگرت لە بەکارهێنانی چەند هاوکێشەیەکی ئاماری وەک:-

١. هاوکێشەی پیرسۆن (Person) و هاوکێشەی ( Sperman Brawn)بەکارهێنرا بۆ دەستنیشانکردنی جێگیری پێوانە بە ڕێگای کەرتکردنی پێوانەکە.

٢. هاوکێشەی (One- Sample – T.test) تی تێستی یەک گروپ بۆ بەراوردکردنی (تێکرای گشتی خوێندکاران) و (تێکرای پێوەری پێوانەکە) بە مەبەستی ئاشکرا کردنی ئاستی بوونی گرفتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە لای خوێندکاران.

٣. تێکرای یەکلاکەرەوە و ڕێژەی سەدی بۆ دەستنیشانکردنی ریزبەندی گرفتەکان بەپێی ناوەڕۆکی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکان.

## بەشی چوارەم

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان

لەم بەشەدا توێژەر هەڵدەستێت بە خستنە ڕویی ئەنجامەکان بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و هەر وەک لەخوارەوە هاتووە :-

یەکەم : سەبارەت بە ئامانجی یەکەم کە بریتی بوو لە وەڵامدانەوەی پرسیارێک کە دەڵێت (ئایا خوێندکارانی دوا قۆناغ گرفتیان هەیە لە بەکارهینانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی گشتی ؟) و دوای بە راوردکردنی لە گەڵ تێکرای پێوەری پێوانەکە (المتوسگ المعیاری للمقیاس) کە بریتی بوو لە (٤٣،٢٠) و بە بەکارهێهانی (One – sample T-test) بۆ بەراوردکردنی تێکرای خوێندکاران و تێکرای پێوەری پێوانە دەرکەوت کە جیاوازی

بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) واتە خوێندكاران بە شێوەیەكی گشتی پێیان وایە كە گرفت هەیە لە بەكارهێنانی ئینتەرنێت لە لایەن خوێندكارانەوە , هەر وەک لە خشتەی ژمارە (٥) ڕونكراوەتەوە.

خشتەی (٥)

| ژمارەی سامپڵ | تێكرای سامپڵ | لادانی پێوەری | تیكرای پێوەری پێوانە | بەهای تائی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦٤ | ٤٣،٢٠ | ١٠،٨٣ | ٢٤ | ٥،٦٧ | ١٦٣ | ٠،٠٥ |

دووەم : سەبارەت بە ئامانجی دووەم كە بریتی بوو ئاشكراكردنی ریزبەندكرنی گرفتەكانی خوێندكارانی دواقۆناغی زانكۆی كۆیە و دیاریكردنی ناوەندی ژمێرەیی(الوسگ المرجح), دوای دەستنیشانكردنی تێكرای یەكلاكەرەوە (الوسگ المرجح) بۆ بڕگەكانی پێوانەكە ئەنجامەكان دەریانخست كە لە گرنگترین گرفتەكانی بەكارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن خوێندكارانەوە ئەم گرفتانە بوون كە بەپێی زینجیرەی گرنگیان رێزبەندیان بۆ كراوە, بڕوانە خشتەی (٦).

خشتەی (٦)

| ز | ژمارەی | بڕگەکان | ناوەندی یەکلاکەرەوە | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٢ | بینینی وێنە و نما(لقگە)ی ناشرین لە ئینتەرنیتەوە بوەتە گرفت و مەزاجم تێکدەدات. | ٢،٠٧٣٢ | %٦٩ |
| ٢ | ٢٠ | کاتێکی زۆرم لە دەست چووە بەهۆی بەکارهێنانی ئینترنێتەوە. | ٢،٠٤٢٧ | %٦٨ |
| ٣ | ٢ | بە هۆی زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنیتەوە ئەرک و کارەکانم وەک پێویست ئەنجام نادەم. | ١،٩٨٧٨ | %٦٦،٢٦ |
| ٤ | ١٥ | بەکارهێنانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی ئەوەی کەنمرەکانم لەوانەکاندا دابەزێنم. | ١،٩٨٧٨ | %٦٦،٢٦ |
| ٥ | ١ | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنێت بوەتە هۆی دابڕانم لە کەسانی دەورووبەرم. | ١،٩٦٣٤ | %٦٥،٤ |
| ٦ | ٥ | بەکارهێنانی ئینتەرنیت تا درەنگی شەو دوای خستووم لە وانەکانی بەیانیان. | ١،٩٤٥١ | %٦٤،٨٣ |
| ٧ | ٧ | بەکارهینانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانم وەک پێویست گرنگی بە وانەکانم بدەم. | ١،٩٤٥١ | %٦٤،٨٣ |
| ٨ | ٣ | هیندە خووم بە بەکارهینانی ئینتەرنیتەوە گرتووە کاتیک هێڵی ئینتەرنیت نامینیت بیزار دەبم. | ١،٩٣٩٠ | %٦٤،٦٣ |
| ٩ | ١٠ | هەست دەکەم ئەنتەرنێت بوەتە گرفت لە بەردەم گەرم و گۆڕی پەیوەند یە کۆمەڵآیەتیەکانم ولە کاتی بۆنەی خۆشی و ناخۆشیدا بە ئاستەم کەسانی دەوروبەرم بەسەر دە کەمەوە. | ١،٩٠٢٤ | %٦٣،٤١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٤ | هیندەی لەسەر ئینتەرنێتم هێندە گفتوگۆ ناکەم لەگەڵ کەسانی دەوروبەرم. | ١.٨٤١٥ | %٦١.٣٨ |
| ١١ | ١٦ | زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنیت دووچاری سەرئێشەی کردووم. | ١.٨٣٥٤ | %٦١.١٧ |
| ١٢ | ٤ | هێندە ئینتەرنیت بەکاردەهینم کاری کردۆتە سەر تەندروستیم و چاوەکانم تووشی گرفت بوون. | ١.٧٩٢٧ | %٥٩.٧٥ |
| ١٣ | ٦ | بەهۆی مانەوەم بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر هێڵی ئینترنێت پشتم ئازاری پەیدا کردووە. | ١.٧٨٦٦ | %٥٩.٥٧ |
| ١٤ | ١٣ | لەرێگەی ئینتەرنیتەوە کەسانێک بێزاریان کردووم. | ١.٧٨٠٥ | %٥٩ |
| ١٥ | ١٩ | لەڕ یگەی ئەنترنێتەوە تووشی قسەی نەخوازراو بووم. | ١.٧٤٣٩ | %٥٨ |
| ١٦ | ١٨ | بەهۆی زۆر مانەوەم لەسەر هێڵی ئەنتەرنێت دووچاری گرفت بووم لەکەڵ کەسانی دەوروبەر بەجۆرێک کە گلەیم لێدەکەن. | ١.٧٠٧٣ | %٥٦.٩١ |
| ١٧ | ٨ | زور بەکارهینانی ئەنتەرنیت گرفتی ئابوری بو دروستکردوم. | ١.٦٨٢٩ | %٥٦ |
| ١٨ | ٩ | لە ریگەی ئینتەرنێتەوە خەڵکانیکم ناسی کە توشی گرفتیان کردووم. | ١.٦٦٦٤ | %٥٥.٤٨ |

١. گرفتی(بینینی وێنە و نما(لقتە)ی ناشـــرین لە ئینتەرنیتەوە بوەتە گرفت و مەزاجم تێکـدەدات) بە گرفتی پلە یەک دێـت کە تێکراکەی برتی بوو لە (٢.٠٧٣٢) و بە کێشـی سەدی (٦٩%) , توێژەران ئەوە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەری ئینتەرنێت زیاتر بۆ کات بەســەر بردن و خۆشــی ئینتەرنێت بەکار دەهێن بۆیە بینینی نمای ناشـرین پێچەوانەی خواسـتە سـەرەکیەکانیانە و لەم بارودۆخەی ئیســـتاشـــدا بە هۆی بوونی گرفتی زۆر وێنەی دڵتەزێن ژمـارەیان زۆر بووە و وەکو دیاردەیەکی باوی تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەبینرێت.

٢. گرفتی پلەی دووەم بریتی بوو لە (کاتێکی زۆرم لە دەســت چووە بەهۆی بەکـارهێـنانی ئینترنێتەوە) کە تێکراکەی برتی بوو لە (٢.٠٤٢٧) و بە کێشـــی

ســـەدی (٦٨%). توێژەران ئەم گرفتە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە خوێندکار لە بنەرەتــدا پێویســـــتی بە کــاتێکی زۆرە بۆ راپەڕانــدنی کــارەکــانیــان و تاقیکردنەوەکان بۆیە لە کاتی بەسەربردنی کات لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت ئەم هەستە لە لای خوێندکار دروست دەکات.

٣. هەر یەک لە گرفتەکانی (بە هۆی زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنیتەوە ئەرک و کارەکانم وەک پێویست ئەنجام نادەم.) و (بەکارهێنانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی ئەوەی کەنمرەکانم لەوانەکاندا دابەزێنم.) بە پلەی سـێیەم هاتن کە تێکرای یەکلاکەوەیان بریتی بوو لە (١,٩٨٧٨) و کێشـی سـەدیان (٦٦،٢٦%) بوو , توێژەران پییان وایە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە ئەرکی سەرەکی خوێندکارە بۆیە زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەبێتە هۆی جێیبەجێنەکردنی ئەرکەکانیان بە تایبەتی بە دەستهێنانی نمرە لە وانەکاندا.

٤. گرفتی (زۆر بەکارهینانی ئینتەرنێت بوەتە هۆی دابڕانم لە کەسـانی دەورووبەرم)بەپلەی چوارەم هات کە تێکرای یەکلاکەوەی بریتی بوو لە (١,٩٦٣٤) و کێشـی سـەدیان (٦٥،٤%) بوو , توێژەران دابڕان لە کەسـانی دەوروبەر دەگەرێننەوە بۆ ئەوەی کە لە کاتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت تاک بە تەواوی بیرکردنەوەی لە نێو بابەتە جیاجیاکانی ئینتەرنێت دەبێت و دادەبڕێت لە دەورو بەر, بۆیە گرفت دروست دەکات لە گەڵ دەورووبەر.

٥. گرفتەکانی (بەکارهێنانی ئینتەرنیت تا درەنگی شـەو دوای خسـتووم لە وانەکانی بەیانیان.)و (بەکارهینانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانم وەک پێویسـت گرنگی بە وانەکانم بدەم.) بە پلەی پێنجەم هاتن بە تێکرای یەکلاکەرەوەی(١،٩٤٥١) و کێشـی سـەدیان (٦٤،٨٣%) بوو. بەرای توێژەران پلە بەندبوونی ئەو دوو گرفتە لە یەک ئاسـت زۆر لۆژیکیە چونکە کاریگەری بەکارهێنانی ئینتەرنێتە لەسەر گرنگی دان بەوانەکان لە لایەن خوێندکارانەوە.

٦. گرفتی (هیندە خووم بە بەکارهینانی ئینتەرنیتەوە گرتووە کاتیک هێلی ئینتەرنیت نامینیت بیزار دەبم) لە پلەی شـەشـەمدا هات کە تێکرای یەکلاکەرەوەی گەیشتە (١,٩٣٩٠) و بە کێشی سەدی (٦٤،٦٣%) ، توێژەران پێیان وایە خووگرتن بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بێزار بوون لە کاتی نەمانی

هێڵی ئینتەرنێت گرفتیکی باوە لە لای بەکارهێنەرەانەوە لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانەوە ئالۆدەبوون.

٧. گرفتی (هەست دەکەم ئەنتەرنێت بوەتە گرفت لە بەردەم گەرم و گۆڕی پەیوەند یە کۆمەلآیەتیەکانم ولە کاتی بۆنەی خۆشی و ناخۆشیدا بە ئاستەم کەسانی دەوروبەرم بەسەر دە کەمەوە.) بە پلەی حەوتەم هات و تێکرای یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (١،٩٠٢٤) بە کێشی سەدی (٦٣،٤١%)، توێژەران پێیان وایە گیرۆدەبوون بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە نێو جیهانی گریمانیدا تاک وون دەکات و دوری دەخاتەوە لە واقع و کەسانی دەوروبەر.

٨. گرفتی(هیندەی لەسەر ئینتەرنێتم هێندە گفتوگۆ ناکەم لەگەڵ کەسانی دەوروبەرم.)بە پەلەی هەشتەم کە تێکرای یەکلاکەرەوەی (١،٨٤١٥) بە کێشی سەدی (٦١،٣٨%) ، توێژەران ئەم ئەنجامە دەگەڕێنەوە بۆ هەمان هۆکاری گرفتی پلە حەوت.

٩. گرفتی نۆیەم بریتی بوو لە (زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت دووچاری سەرئێشەی کردووم) کە تێکرای یەکلاکەرەوەی (١،٨٣٥٤) و کێشی سەدی (٦١،١٧%) بوو ، توێژەران پێیان وایە ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە پێی دەرئەنجامی تویژینەوکانی بواری تەندروستی زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەبێتە هۆی کێشەی تەندروستی وەک سەر ئیشە.

١٠. گرفتی (هێندە ئینتەرنیت بەکاردەهینم کاری کردۆتە سەر تەندروستیم و چاوەکانم تووشی گرفت بوون.) بە پلەی دەیەم دێت کە تێکرای یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (١،٧٩٢٧) بە کێشی سەدی (٥٩،٧٥%)، و گرفتی (بەهۆی مانەوەم بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر هێڵی ئینترنێت پشتم ئازاری پەیدا کردووە.) بە پلەی یازدەیەم دێت کە تێکرای یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (١،٧٨٦٦) بە کێشی سەدی (٥٩،٥٧%) ,توێژەران ئەم گرفتە لە چوارچێوە گرفتە تەندروستیەکان هەژماری دەکەن بە هەمان شێوە گرفتی پێشوو.

١١. گرفتی (لەرێگەی ئینتەرنیتەوە کەسانێک بێزاریان کردووم.) بە پلەی دوازدەیەم دێت کە تێکرای یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (١،٧٨٠٥) بە کێشی سەدی (٥٩%)، و گرفتی (لەڕ ێگەی ئەنترنێتەوە تووشی قسەی نەخوازراو

بووم.) به پلەی سـیـازدەیەم دێت که تێکرای یەکلاکەرەوەی بریتی بوو له (١،٧٤٣٩) به کێشـی سـەدی (٥٨%) ،توێژەران ئەم گرفته بۆ یەک هۆکـار دەگەڕێننەوه ئەویش دروسـتبوونی پەیوەندیه به کەسـانی جیاجیایه که کاردانەوەیان دەبێت له سەر پەیوەندیان لەگەل کەسانی دیکه.

١٢. گرفتی چواردەیەم بریتی بوو له (بەهۆی زۆر مـانەوەم لەسـەر هێڵی ئەنتەرنێت دووچاری گرفت بووم لەکەڵ کەسـانی دەوروبەر بەجۆرێک که گلەیم لێـدەکەن.) که تێکرای یەکلاکەرەوەی (١،٧٠٧٣) و کێشـی سـەدی (٥٦،٩١%) بوو ، توێژەران بۆ هەمان هۆی گرفتی پله حەوت.

١٣. گرفتی پـازدەیەم بریتی بوو له (زور بەکـارهینـانی ئەنتەرنیـت گرفتی ئـابوری بو دروسـتکردوم.) که تێکرای یەکلاکەرەوەی (١،٦٨٢٩) و کێشـی سـەدی (٥٦%) بـوو ، تـوێژەران هۆکـاری ئەم گرفته دەگەڕێننەوه بۆ تەرخـانکردنی بڕەپـارەیەکی زۆر له بەکـارهێنـانی ئینتەرنێت به تـایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستادا.

١٤. گرفتی شـازدەیەم بریتی بوو له (له ڕێگەی ئینتەرنێتەوه خەڵکانیکم ناسـی که توشـی گرفتیان کردووم.) که تێکرای یەکلاکەرەوەی (١،٦٦٦٤) و کێشـی سەدی (٥٥،٤٨%) بوو ، توێژەران هۆکاری ئەم گرفته دەگەڕێننەوه بۆ هەمان هۆکاری گرفتەکانی پله دوانزەیەم و سیازدەیەم.

١٥.گرفتی حەڤـدەیەم بریتی بوو له (له کـاتی وانەدا ئـاگـام لەوانەکـانم نیه چونکه هەر بیرم لای ئەنتەرنێته) که تێکرای یەکلاکەرەوەی (١،٦٥٨٥) و کێشی سەدی (٥٥،٢٨%) بوو ، توێژەران هۆکاری ئەم گرفته دەگەڕێننەوه بۆ خووگرتن به ئینتەرنێت و راکردن له دونیای واقعی.

١٦.گرفتی حەڤدەیەم بریتی بوو له (زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت شـەڵەژانی لام دروسـتکردوه له کـاتی نوسـتن و خەونی نـاخۆش دەبینم.) که تێکرای یەکلاکەرەوەی (١،٦٥٢٤) و کێشـی سـەدی (٥٥%) بوو ، توێژەران هۆکاری ئەم گرفته دەگەڕێننەوه بۆ زۆر بینینی بـابەتەکـانی نێو تۆڕەکـان به تـایبەتی پێش نوستن که شڵەژان دروست دەکات.

١٧.گرفتی نۆزدەیەم بریتی بوو لە (ژیان بە بێ بوونی ئینتەرنیت مانای نیە و بەبێ ئینتەرنیت ناتوانم بژیم.) کە تێکرای یەکلاکەرەوەی (١،٦٢٢٠) و کێشــی ســەدی (٥٤%) بوو ، توێژەران دروســتبوونی ئەو گرفتە دەگەڕێننەوە بۆ خووگرتن لەسەر زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێت.
١٨.گرفتی بیســتەم بریتی بوو لە (بە هۆی بە کارهینانی ئینترنیتەوە بۆتە هۆی پەیدا بوونی ئاژاوە لەگەڵ کەســانی دەورو بەرم.) کە تێکرای یەکلاکەرەوەی (١،٥٩١٥) و کێشــی ســەدی (٥٣%) بوو ، توێژەران دروســتبوونی ئەو گرفتە دەگەڕێننەوە بۆ هەمان هۆکاری گرفتی پلە چوادەیەم.
١٩.گرفتی بیست و یەکەم بریتی بوو لە (بەهۆی بەکارهێنانی ئینترنێتەوە کاتی ژەمە خواردنەکانم تێک چووە.) کە تێکرای یەکلاکەرەوەی (١،٥٦٧١) و کێشــی ســەدی (٥٢،٢٣%) بوو ، توێژەران دروســتبوونی ئەو گرفتە دەگەڕێننەوە ســەرقاڵ بوونی بە کارهێنەرەکان بە جۆرێک کە کار لە هەموو بوارەکانی ژیان دەکات و لە نێویشیاندا ژەمە خواردنەکان.
٢٠.دوا بڕگە بریتی بوو لە (لە رێگای هاککردنی ئینترنێتەوە توشــی گرفتیان کردم.) کە تێکرای یەکلاکەرەوەی (١،٤٨٧٨) و کێشــی ســەدی (٤٩،٥٩%) بوو ، واتە بە پێی بیرو رای خوێندکاران ئەم بڕگەیە بە گرفت دانانرێت, توێژەران پلە بەندبوونی ئەم بڕگەیە وەک دوا بڕگە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە کاری هاککردن لە ئیســتادا لەنێو کۆمەلگاکەمان نەبوەتە دیاردەیەکی دیار و نەگەشتۆتە ئاستیک کە ببێتە گرفت

**بەشی پێنجەم : راسپاردەو پێشنیارەکان:**

لەم بەشــەدا توێژەران بەپێی ئەنجامەکان چەند راســپاردەو پێشــنیارێک پێشەکەش دەکەن.

**یەکەم : راسپاردەکان:**

١.پێشکەشکردنی چەند سیمنارێک لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ سەبارەت بە لایەنە باش و خراپەکانی بە کارهێنانی ئینتەرنێت.

٢.بنیاتنانی ســـیکتەرێکی تایبەت بە چارەســــەرکردنی گرفتی خوێندکاران و ڕێنمـاییکردنی خوێنـدکـارانی زانکۆ لە کـاتی بوونی کێشــــەو گرفتەکـان کە ڕووبەڕووی خوێندکاران دەبێتەوە .

**دووەم : پێشنیازەکان**

١.ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاو شـــێوە بۆ زانینی ئاســـتی ئالودوبوون بە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە.

٢.ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاو شـــێوە لەســـــەر ســـــامپڵێکی گەورەتر لە زانکۆکـانی دیکە لە هەرێمی کوردســــتـان و بەراوردکردنی گرفتەکـان لە زانکۆکان.

٣.ئەنجـامـدانی توێژینەوەیەک بۆ بەراوردکردنی گرفتەکـانی بەکـارهێنـانی ئینتەرنێت لە نێو توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگا.

٤.ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشـــــانی ئاشـــکرا کردنی گرفتەکانی بە کارهێنانی ئینتەرنێت لە ژێر ڕۆشـنایی چەند گۆراوێک وەک (تەمەن ، ڕەگەز ، داهات , باری کۆمولایەتی).

٥.ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشـانی (گرفتەکانی بە کارهێنانی ئینتەرنێت و پەیوەندی بە گرفتە کۆمەلایەتیەکانەوە).

**سەرچاوەکان :**

١.(ابراهیم ،یوسـف حنا ١٩٨١, صعوبات الدارسین و المعلمین و المشرفین فی مشـروع محو الامیه فی قظاء الحمدانیه و الحلول المقترحه ،رســاله ماجســتیر عیر منشوره ، جامعه بغداد کلیه التربیه).

١٠.(عمر, تحسین, ٢٠٠٣, اسرار الانترنت, بدون الناشر, سلیمانیه).

٢.(ابو اصـبع ,صـالح خلیل,٢٠٠٥,اسـتراتیجیات الاتصـال وسـیاسـاته وتاثیراته ,دار مجدلاوی للنشر والتوزیع, عمان).

٣.(ابوشـیب,جمال محمد,٢٠٠٦ , اثر اسـتخدام تکنولوجیا المعلومات والاتصالات علی الامن القومی للمجتمع ,دار المعرفه الجماعیه ,الاسکندریه).

٤.(الجنبيهى ,منير محمد,٢٠٠٦,جرائم الانترنت والحاسب الالى ووسائل مكافحتها ,دار الفكر الجامعى ,الاسكندريه).
٥.(الدنانى, عبدالملك ردمان, ٢٠٠٣,الوثيقه الاعلاميه لشبكه الانترنيت,دار الفجر للنشر ,القاهره).
٦.(سورندايك, روبرت و اليزابيپ هيجن ، ١٩٨٩, القياس و التقويم فى علم النفس و التربيه ، ترجمه : عبدالله زيد الكيلانى و عبد الرحمن عدس ،مركز الكتب الاردنى ، الأردن).
٧.(عاقل ,فاخر,١٩٨٥, معجم علم النفس, دارالعلم للملاين , بيروت).
٨.(عبدالمجيد ,محمد سعيد, ٢٠٠٦,الاثار الاجتماعيه للانترنيت على الشباب,دار و مكتبه الاسراء,طنطنا).
٩.(علام ,صلاح الدين محمود,٢٠٠٠, القياس و التقويم النفسى و التربوى ، دار الفكر العربى ، القاهره).
.١١Gregory Gromov, History of Internet and World Wide Web - Roads and Crossroads of the Internet History, 2012, http://history-of-internet.com/[10/13/2013 4:38:25 PM[
.١٢ Pooja Shelke1 and Ashish Badiye , Research Journal of Forensic Sciences ,Vol. 1(1) , INDIA , 2-7, March (2013.(
.١٣ William F. Slater, Internet History III ,isoc Chicago, September 2002 .

**پێگەی ئەلیکترۆنی:**

.١٤http://www.internetsociety.org/globalinternetreport/?gclid=CNSx3MG-scoCFVWdGwodkSIJ0w, 17-1-2015,9:30 pm.
١٥.(الدجانى ,دعاء جبر واخرون,الصعوبات التى تعيق استخدام الانترنيت ,سەرچاوی ئەلیکترونی،لە بەرواری ٢٠٠٦/٢/٢٥ ( www.najah.edu)
١٦.(العزاوى, سرور عبدالرزاق,الاثار السلبيه الاثار الصحيه لاستخدام الحاسب والانترنيت,سەرچاوەی ئەلیکترونی ,لە بەرواری ١/١٤ /٢٠٠٥ ( www.forum.hawahome.com)

١٧.(جرجيس ,فراس جاسم,البحث عن الصحه على الانترنيت,سەرچاوەی ئەليكترۆنی، لەبەرواری١٠/٩/ ٢٠٠٦www.informatics.gou.sal)
١٨.(مردان ,نجمالدين علی,الانترنيت والاتجاهات السلوكيه للفتات,سەرچاوەی ئەلـيكترۆنی ,لە بەرواری٢٣/ ١١/ ٢٠٠٧ (www.moumineen.or.ae/najm.htm)

## پاشكۆكان

پاشكۆی ژمارە (١)

دەستنیشانكردنی راستگۆیی پێوانه

بۆ بەڕێز.................................... پسپۆری ...............................

پاش رێز و سلاو........

توێژەران بە نیازن توێژینەوەیەک ئەنجام بدەن بەناونیشانی (گرفتەكانی دەرئەنجامی بەكارهێنانی ئینتەرنێت لەلای خوێندكارانی دوا قۆناغی زانكۆی كۆیە), بۆئەم مەبەستەش و دوای گەڕانەوەی توێژەران بۆ توێژینەوەكانی پێشوو و ئەنجامدانی راپرسی كراوە راپرسییەكی ئامادەكرد كە پێكهاتووە لە (٢٦) بڕگەی سەبارەت بە گرفتەكان و بەرامبەر هەر بڕگەیەک (٣) هەڵبژاردن هەیە كە بریتیین لە(زۆر وایە, تا رادەیەک وایە , وانیە). ولەبەر شارەزایی و دەوڵمەندی ئەزموونی بەرێزتان , توێژەران خوازیارن سوود لە راوبۆچونتان وەربگرێت سەبارەت بە گونجاوی و نەگونجاوی بڕگەكان و هەر گۆرانكارییەک كە پێتان باشە لە بڕگەكان ئەنجام بدرێت.

لەگەڵ رێزوسوپاسدا

**توێژەران**

**م. جوان بهاء الدين علی**

**م. ی ئالان صلاح سعد**

| ژ | برگەکان | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی دابڕانم لە کەسانی دەوروبەرم. | | | |
| ٢ | بە هۆی زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنیتەوە کارەکانم وەک پێویست ئەنجام نادەم. | | | |
| ٣ | کە هێڵی ئینتەرنیت نەمینیت بیزار دەبم و هەست بە دڵتەنگی دەکەم. | | | |
| ٤ | هێندە ئینتەرنیت بەکاردەهینم چاوەکانم تووشی گرفت بووە. | | | |
| ٥ | بەکارهێنانی ئینتەرنیت تا درەنگی شەو دوای خستووم لە وانەی بەیانیان. | | | |
| ٦ | مانەوەم بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر هێڵی ئینترنێت پشتم ئازاری پەیدا کردووە. | | | |
| ٧ | بەکارهینانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانم وەک پێویست گرنگی بە وانەکانم بدەم. | | | |
| ٨ | بەکارهینانی ئینتەرنیت قورسایی خستۆتە سەر لایەنی ئابووریم. | | | |
| ٩ | لە ریگەی ئینتەرنێتەوە خەڵکانیکم ناسی کە توشی گرفتیان کردووم. | | | |
| ١٠ | لە کاتی بۆنەی خۆشی وەک جەژن تەنها لە ریگەی ئینتەرنێتەوە کەسانی دەوروبەرم بەسەر دەکەمەوە. | | | |
| ١١ | ژیان بە بێ بوونی ئینتەرنیت مانای نیە و بەبێ ئینتەرنیت ناتوانم بژیم. | | | |
| ١٢ | لە ئینتەرنیتەوە وینە و نما(لقگە)ی ناشرین دەبینم. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣ | لەکاتی پرسەدا تەنها لەرێگەی ئینتەرنیتەوە سەرەخۆشی دەنێرم. | | | |
| ١٤ | لەرێگەی ئینتەرنیتەوە کەسانێک بیزاریان کردووم. | | | |
| ١٥ | هیندەی لەسەر ئینتەرنیتم هیندە گفتوگۆ ناکەم لەگەڵ کەسانی دەوروبەرم. | | | |
| ١٦ | زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی نمرەکانم لەوانەکاندا دابەزێنم. | | | |
| ١٧ | لەبەر بەکارهینانی ئینتەرنیت ئەرکە ئاینیەکانم ناتوانم بە باشی جێبەجێ بکەم | | | |
| ١٨ | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت دووچاری سەرئێشەی کردووم. | | | |
| ١٩ | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت شەڵەژانی لام دروستکردوە لە کاتی نوستن و خەونی ناخۆش دەبینم. | | | |
| ٢٠ | کەسانی دەوروبەر گلیەم لێدەکەن بەهۆی  زۆر مانەوەم لەسەر ئەنتەرنێت. | | | |
| ٢١ | لەڕ یگەی ئەنترنێتەوە قسەی نەخوازراوم تووش بووە. | | | |
| ٢٢ | کاتێکی زۆرم لە دەست چووە بەهۆی بەکارهێنانی ئینترنێتەوە. | | | |
| ٢٣ | لە ریگای هاککردنی ئینترنێتەوە  توشی گرفتیان کردم. | | | |
| ٢٤ | بەهۆی بەکارهێنانی ئینترنێتەوە کاتی ژمە خواردنەکانم تێک چووە. | | | |
| ٢٥ | بە هۆی بە کارهینانی ئینترنیتەوە بۆتە هۆی پەیدا بوونی ئاژاوە لەگەڵ کەسانی دەورو بەرم. | | | |
| ٢٦ | ئاگام  لەوانەکانم نیە بەهۆی بیرم لای ئەینترنێتە. | | | |

# پاشکۆی ژمارە (٢)

## ناو و ناونیشانی شارەزایان

| ژ | ناوی سیانی پسپۆران | پسپۆری | شوینی کار |
|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.محمد حسین شوانی | کۆمەڵناسی | زانکۆی سەلاحەددین-کۆلێژی ئاداب- بەشی کۆمەڵناسی |
| ٢ | پ.ی.د. کاوە علی محمد | پەروەردە | زانکۆی کۆیە-فەکەڵتی پەروەردە – بەشی باخچەی ساوایان |
| ٣ | م. محمد کریم احمد | ڕاگەیاندن | بەڕێوەبەری هونەری گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان |
| ٤ | م.ی هەردی زیاد صالح | کۆمەڵناسی | زانکۆی کۆیە- فەکەڵتی پەروەردە – بەشی مێژو |

## پاشکۆی ژمارە(٣)

ڕێژەی گونجاوی بڕگەکان

| ژ | برگەکان | د.کاوە | د.محمد شوانی | م.محمد | م.ی. هەردی | ڕێژەی ڕێکەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی دابڕانم لە کەسانی دەوروبەرم. | √ | √ | √ | √ | %١٠٠ |
| ٢ | بە هۆی زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنیتەوە کارەکانم وەک پێویست ئەنجام نادەم. | √ | √ | √ | √ | %١٠٠ |
| ٣ | کە خەتی ئینتەرنیت نەمینیت بیزار دەبم و هەست بە دڵتەنگی دەکەم. | × | √ | √ | √ | %٧٥ |
| ٤ | هێندە ئینتەرنیت بەکاردەهینم چاوەکانم تووشی گرفت بووە. | √ | √ | √ | √ | %١٠٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | بەکارهێنانی ئینتەرنیت تا درەنگی شەو دوای خستووم لە وانەی بەیانیان. | √ | √ | √ | √ | ١٠٠% |
| ٦ | مانەوەم بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر هێڵی ئینترنێت پشتم ئازاری پەیدا کردووە. | √ | √ | √ | √ | ١٠٠% |
| ٧ | بەکارهینانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانم وەک پێویست گرنگی بە وانەکانم بدەم. | √ | √ | × | √ | ٧٥% |
| ٨ | بەکارهینانی ئینتەرنیت قورسایی خستۆتە سەر لایەنی ئابووریم. | √ | √ | √ | √ | ١٠٠% |
| ٩ | لە ریگەی ئینتەرنێتەوە خەڵکانیکم ناسی کە توشی گرفتیان کردووم. | √ | √ | √ | √ | ١٠٠% |
| ١٠ | لە کاتی بۆنەی خۆشی وەک جەژن تەنها لە رێگەی ئینتەرنێتەوە کەسانی دەوروبەرم بەسەر دەکەمەوە. | √ | × | √ | √ | ٧٥% |
| ١١ | ژیان بە بێ بوونی ئینتەرنیت مانای نیە و بەبێ ئینتەرنیت ناتوانم بژیم. | × | √ | √ | √ | ٧٥% |
| ١٢ | لە ئینتەرنیتەوە وینە و نما(لقگە)ی ناشرین دەبینم. | √ | √ | √ | × | ٧٥% |
| ١٣ | لەکاتی پرسەدا تەنها لەرێگەی ئینتەرنیتەوە سەرەخۆشی دەنێرم. | × | × | √ | √ | لابرا |
| ١٤ | لەرێگەی ئینتەرنیتەوە کەسانێک بیزاریان کردووم. | √ | √ | √ | √ | ١٠٠% |
| ١٥ | هیندەی لەسەر ئینتەرنیتم هیندە گفتوگۆ ناکەم لەگەڵ کەسانی دەوروبەرم. | × | √ | √ | √ | ٧٥% |
| ١٦ | زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنیت بوەتە هۆی نمرەکانم لەوانەکاندا دابەزێنم. | × | √ | √ | √ | ٧٥% |
| ١٧ | لەبەر بەکارهینانی ئینتەرنیت ئەرکە ئاینیەکانم ناتوانم بە باشی جێبەجێ بکەم. | × | × | √ | √ | لابرا |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت دووچاری سەرئێشەی کردووم. | √ | √ | × | √ | %٧٥ |
| ١٩ | زۆر بەکارهینانی ئینتەرنیت شەڵەژانی لام دروستکردوە لە کاتی نوستن و خەونی ناخۆش دەبینم. | × | √ | √ | √ | %٧٥ |
| ٢٠ | کەسانی دەوروبەر گلیەم لێدەکەن بەهۆی زۆر مانەوەم لەسەر ئەنتەرنێت. | × | √ | √ | √ | %٧٥ |
| ٢١ | لەڕ یگەی ئەنترنێتەوە قسەی نەخوازراوم تووش بووە. | √ | √ | √ | √ | %١٠٠ |
| ٢٢ | کاتێکی زۆرم لە دەست چووە بەهۆی بەکارهێنانی ئینترنێتەوە. | √ | √ | √ | √ | %١٠٠ |
| ٢٣ | لە ریگای هاککردنی ئینترنێتەوە توشی گرفتیان کردم. | √ | √ | √ | √ | %١٠٠ |
| ٢٤ | بەهۆی بەکارهێنانی ئینترنێتەوە کاتی ژمە خواردنەکانم تێک چووە. | √ | √ | √ | √ | %١٠٠ |
| ٢٥ | بە هۆی بە کارهینانی ئینترنیتەوە بۆتە هۆی پەیدا بوونی ئاژاوە لەگەڵ کەسانی دەورو بەرم. | × | √ | √ | √ | %٧٥ |
| ٢٦ | لە کاتی وانەدا ئاگام لەوانەکانم نیە بەهۆی بیرم لای ئەینترنێتە. | √ | √ | √ | √ | %١٠٠ |

# ملخص البحث

تهدف الدراســه الى كشــف المشــكلات الناتجه عن اســتخدام الانترنيت التى تواجه طلبه المرحله الاخيره فى جامعه كويه للعام الدراســى ٢٠١٥- ٢٠١٦ و ترتيب المشــاكل حســب الوزن المئوى و تحديد (الوســط المرجح) للمشــاكل، ومن خلال إجراء أســتبيان مفتوح من بين الطلبه قام الباحثان بإعداد المقياس و الذى تكونت بصـــورته النهائيه من (٢٤) فقره و وظعا أمام كل فقره (٣) إختيارات، و بعد تحديد الصــدق الضــاهرى و الثبات للمقياس تم توزيعه على عينه الباحث البالغ (١٦٤) الطالبا من المرحله الاخيره فى جامعه كويه. و أضهرت النتائج أن من أهم المشكلات التى تواجه الطلاب (مشاهده لقطات غير محبذه) و(هدر الوقت الكثير فى اســتخدام الانترنت) و (عدم تنفيذ الواجبات بســبب الاســتخدام المســتمر للانترنت) ، فى حين لم يعتبر الطلاب فقره واحده كمشكله و التى هى (وجود المشكله بسبب القرصنه الانترنت) , و فى النهايه قدم الباحثان عددا من التوصيات و المقترحات فى ظوء نتائج البحث.

# :Abstract

The study aimed to uncover problems from the use of the Internet of students of the final stage at the University of Koya for the academic year 2015- 2016, and the problems order by percentile weight and identify problems (center-weighted) problems, and through an open Questionnaire among the students the researchers prepared a form which contain (24) paragraph and each paragraph has (3) options, after determining the virtual honesty and consistency of the scale the researchers distributed the form on a sample of (164) students from the last stage in Koya University. The results showed that the most affecting problems facing the students is: (bad shot), (wasting too much time in the using Internet) and (not to carry out duties because of the using Internet), while the students did not consider a single paragraph as a problem, which is (the problem exists because of Internet piracy), at the end of the research the researchers made a number of recommendations and proposals according the search results.